# لەتورکیاوە بۆ ئەفغانستان وپاکستان...
# بەداوی تیرۆردادەگەڕێم

ن/ریچار هۆلبرۆک
و/هێمن مەحمود

ئەو کاتەی کە بالۆیزبوم لە ئەلمانیا،ململانێیەکی توند هەبو لەبەردەم دادگای بالا لە سالانی 1993-1994 دەربارەی ئەوەی ئایا ئەلمانەکان ئەگەر کەمیش بێت دەتوانن چەند سەربازێکی ئاشتی پارێز رەوانەی ناوچەی بەلقان بکەن،بەلام ئەمرۆ ئەوان هەنگاوێکی گەورەیان ناوە بەوەی کەچەندین جەنەڕالیان لە بەلقان وئەفغانستان هەیە وکارەکانیشیان بەچاکترین شێوە ئەنجام دەدەن وهیچ هۆکارێکیش نیە بڕوامان پێبکات کەشایانی ئەو ئەرکە نین.

بەلام کێشەکە لێرەدا هەر تەنها پەیوەست نیە بەتوانای تەقەنی ئەلمانیا یاخود ئەوروپا ،بەلکو بەهەمان شێوە پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسیشەوە.

بەدلنیایشەوە وشەی ئیرادە مانای مێژووی جیاوازی هەیە لای ئەلمانییەکان تاوەکو ولاتانی دیکە.دەتوانم ئەوەش بلێم کە لەلای ئەلمانەکان دوو وشە هەیە شوێنی گومانن ئەوانیش (ئیرادە) و(چارەنوسە).

هەربۆیە گرنگە کە تێکشکان جێگای عەزیمەت نەگرێتەوە،ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەمریکا وئەلمانیا وئیتالیا و هاوپەیمانانی دیکە لەناتۆ تێگەشتنی هاوبەشیان هەبێت بۆ بەرژەوەندییەکانیان لەئەفغانستان.

باروونتر قسەبکەین:تێکشکان لەئەفغانستان مانای گەڕانەوەی تالیبان وقاعیدەیە،کە ئەم دوانەش چەند مەترسیدارن،هەرچەندە ئێستا لەناوچە شاخاوییەکانی نزیك پاکستاندا گیریان خواردوە،بەلام مەترسییان زیاتر دەبێت ئەگەر بێت وشارەکانی وەك قەندەهار وکابول بگرن.

بەهۆی ئەو راستیەوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی بەشداری هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەریانکرد لە ئەلمانیا خوێندبویان وژیابون، وزۆربەی ئەو شوێنانەشی کە لەلایەن تیرۆرستەکانەوە هێرش دەکرێتە سەری لەئەوروپادان،ئەوا دەبێت بەقولی هەست بەو مەترسییە بکەین کە روبەروی ئەوروپا دەبێتەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەلمانیا،وادەردەکەوێت تاوەکو ئێستا حکومەتەکەی ئەنجیلا مێرکل خاوەنی ئیرادەبێت،بەلام لەوە دلنیانیم کە ئەم ئیرادەیە لەریزەکانی گەلی ئەلمانی دا هەبێت.

بەلام پێویستە وەك ئەوەی بەلقان رێکا چارەیەك بدۆزینەوە،لەراستیدا ئێمە ئەگەر کارمان بۆ بەئەنجام گەیاندنی رێکەوتننامەکانی (دایتۆن) نەکردایە ئێستا بۆسنە شوێنی تیرۆرستەکان بو لەبری ئەفغانستان،چونکە ئەم رێکەوتننامانە هەموو کەسە بیانیەکانی لە بۆسنە دەرپەڕاند و سەرەتا رۆشتن بۆ سودان ودواتریش بۆ ئەفغانستان.

هەرلەم سیاقەدا بەخوێندنەوەیەکی مەشهەدی پاکستانی،دەبینم کە (پەروێز موشەڕەف) لەسەر حەقە کاتێك هێرشی کردە سەر تیرۆرستەکانی ناو مزگەوتی سور لە ئیسلام ئاباد،چونکە ئەو یاخیبونە چەکدارییە هەڕەشە بوو بۆسەر دلی ولات،لەگەلٔ ئەوەشدا بێزارم لەو قاعیدە جەماوەرییە سیاسیە لاوازەی کە هەیەتی.

هەموو ئەوەشی کە دەتوانم بیلێم ئەوەیە پێویستە لەسەر حکومەتی ئیسلام ئاباد جەماوەرێکی بەربلاو لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە،ئەگەر موشەڕەف ئەمەی توانی ئەوا کارێکی چاکە،ئەگەر نەشیتوانی ئەوا دەرئەنجامێکی خراپی دەبێت،من بڕوام وایە کە دیموکراتیەت ودەسەلاتی یاسا ومافی مرۆڤ(بەتایبەت مافی ژن) رەگەزە سەرەکییەکانی ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەن.

بەنیسبەت موشەڕەفەوە کەمال ئەتاتورك نمونەی بالایەتی،چونکە موشەڕەف چەند سالێك بەهۆی ئەوەی باوکی کونسولی سەربازی بوە لەتورکیا ژیانی بەسەربردوە.

ئەتاتورك نمونەیەکی باشە،بەلام ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە،ئەوەش تائێستا روننەبوەتەوە کە ئایا بەراست پاکستان

دەیەوێت لەسەر ئەورێگایە دەوڵەت بنیات بنێ کە ئەتاتورك بنیاتی ناوە یان نا.

هەر لەم سیاقەشدا و بەخوێندنەوەیەکی مەشهەدی تورکی دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیا روداوێکی مێژووییە،چونکە رۆژئاوا نوسخەیەکی میانڕەوی ئیسلامی دەوێت لەجیهاندا،لەبەردەمیشماندا ئەوەتا دوو دەوڵەتی ئیسلامی میانڕەو هەیە(تورکیا وماليزيا).

لەبەرئەوەش کە قسە بەدوای خۆیدا قسە رادەکێشێ،حەزەکەم باسی ئەوەش بکەم من لەم هەڵبژاردنەی دوایدا لەتورکیا بوم و وەك ئەوە وابو کە لە ئەمریکا هەڵبژاردن بکرێت وتۆش لە رێگای تەلەفزیۆنی( سی ئێن ئێن )ەوەتەماشای بکەیت.

مانای چیە کە هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنێکی تەواوەتی بو؟

نرخی سەهمی بۆرصەکان بەرزبویەوە،ئەمەش وەهایکرد پیاوانی کار دڵخۆشبن،هەروەها حیزبە نەتەوەییەکان ژمارەیەکی زۆر کورسیان بەدەستهێنا،کوردەکانیش نوێنەریان چوە پەرلەمان،حیزبی عەدالەت وگەشەپێدانیش دوبارە ئارەزوی چونە ناو یەکێتی ئەوروپای کرد کە ئەمەش ئامانجێکە بەدیبێت چاکسازی زۆری بەدواوەیە.

بەنیسبەت منەوە لەدوو کەسدا کەبینیمن گرنگی هەڵبژاردنەکەم بۆ دەرکەوت،یەکەمیان مامۆستایەکی زانکۆ بو کە دڵخۆشی خۆی دەربڕی بە فراوانبونی دیموکراتیەت،هەروەها کەسی دوهەمیش شوفێرێکی تاکسی بوو کە تەنها دوو وشەی وت:موسڵمانە توندڕەوەکان.

دەتوانین بڵێین نمونەی ئەم شۆفێرە کەم نیە کە ترسیان لەوە هەیە وڵاتەکەیان وەك ئێرانی لێبێت و لە تازەگەری وعەلمانیەتەوە بگۆڕێت بۆ رژێمێکی ئاینی دەمارگیر.

لەکۆتایشدا ئەو پرسیارەی کە دەمێنێتەوە لەسەر سوپایە،سوپا تاوەکو ئێستا بنکەیەکی میللی فراوانی هەیە،بەڵام ئەم هەڵبژاردنە شکستێك بوو بۆ سوپا.

ئەو کۆدەنگیەشی کە من لەئەستانبوڵ بینیم ئەوەیە کە سوپا نایەتە ناو،چونکە حیزبی عەدالەت وگەشەپێدان تەفویزێکی میللی فراوانی هەیە،ئەگەر وانەبوایە سوپا بەئاسانی دەهاتە ناو.

ئەگەر سوپاش ئەم تەفویزە میللەی رەتکردەوە و هاتە ناو ئەوا فەوزا بڵاودەبێتەوە.

تورکە دیموکراتخوازەکان ئەمرۆ یەك دروشمیان هەیە:

نا بۆ شەریعەت،نا بۆ کودەتای سەربازی.

---

سەرچاوە/

سایتی ئیلاف